# گفتوگۆ لەگەل بەڕێز تەها سلیمان(نووسەری دەقی شانۆیی سووتان)

**ئامادەکردنی:سەلام عەبدوڵڵا**

سوتان دەقێکی شانۆگەرییە لە لایەن تەها سلیمان نووسراوە و لەسەر شانۆی هۆڵی هونەرمەندان لە کەلار لە رۆژی 14-2007/4/17 نەمایشکرا. بۆ یەکەم جارە لە مێژووی شانۆگەری ئەم شارە ئەوەند کیژو کوڕ بە پەرۆشەوە ئامادە ببن. ئەم شانۆیە بوو بە دیاردەیەکی لەبەرچاو لەبارەی ژمارەی بینەرانی و وەك دەرهێنەرەکەی(سەربەست ئەحمەد) گوتی: ناچارین سبەینێش نمایشی بکەینەوە.



بەم بۆنەیە بە شیاومان زانی گفتوگۆیەك لەگەل نووسەری دەقەکە کاك(تەها سلیمان) سازبدەین.

پرسیار: بیرۆکەی دەقەکەت لە کوێوەوە سەرچاوەی گرتووە؟

وەڵام: من گەرمیانییەکەم ونەوەی ترادیژیای ناو جەرگەی ئەنفالم، روونتر بڵێم: ئەنفال زۆرترین پانتایی لە بیرکردنەوەی منی داگیرکردووە، بۆیە هەمیشە بەدوای ئیشکردن لەناو کاراکتەرە وونبووەکانی ئەنفال وێڵم. سەرچاوە و کەرەستەی ئەم دەقەش لە(قەڵا چەرمەڵە) کە زێدی لەدایکبوونمە و شۆڕ بووەتەوە بۆ نێو پانتایەکی بەرفراوانتر لە گوندی ناوبراو. هەروا ئەمە یەکەم هەوڵیشم نییە لەم بوارەدا، بەڵکو پێشی ئەم دەقە بۆ نموونە(حیکایەتەکانی ئەنفال)م بە سرووت و تەکنیکی جیاواز لەم ئیشە وەك کتێبێك کەوتە بەر دیدی خوێنەران و هەوڵی کاری رۆژنامەنووسیم و ووتاری جۆراوجۆر لەبارەی ئەنفال کە لەدوو بەرگدا بەناونیشانی(لە پەراوێزی ئەنفالدا)بلاوبۆتەوە,

پرسیار: دەتویست بەم دەقە لە ئەگەر نمایشکردنی، پاش 19ساڵ چی بە بینەران بڵێن؟

وەڵام: سەرەتا ئەوە ئەگەرێکی دوور بوو کە ئەم دەقە وەك شانۆ کاری تیا بکرێ، بەڵام پاش ئەوەی لەگەل هەردوو دەرهێنەر بەڕێزان(سەربەست ئەحمەد و مەحەمەد حەسن) گفتوگۆیەك لەنێوانماندا درووست بوو سەبارەت بە 19هەمین ساڵەی ئەنفال و ئەو ئەگەرە بوو بە ئەمری واقیع و بیرۆکەی ئیشەکە زیاتر خەملی. ئەوە بوو دەقەکە ئیشی تیاکرا و هێنرایە سەر شانۆ. سەرەتا بیرۆکەی ئیشەکە قورس دەهاتە پێشچاو، چونکە دەقەکە دەقێکی فرەڕەهەندو پاشخانێکی پڕ لە گرێ و پرسیاری جۆراوجۆری هەڵگرتووە، سەرەڕای ئەوەش توانرا لە رێگای دەرهێنەر و ئەکتەرەکانەوە کۆنتڕۆڵی ئەو

پاشخان و گرێ پرسیارەکانی ناو دەقەکە بکرێ و ببێتە بەرهەمێك بۆ نمایشکردن. من بە زمانی نووسین و هەوڵمداوە خوێنەر لە زۆرێك لە بابەتە ونبوو و شاراوەکانی ئەنفال بهێنمە دوان و گفتوگۆیان لەسەر درووست بکەم لە رێگای ئەدەبەوە. بەهەمان شێوەش شانۆ توانی بە زمانی خۆی ئەو مەبەستەی من بپێکێ. بەڵێ لەسەر ئاستی هەردوو ئاراستەکەوە ویستوومە خوێنەسارەدی کۆمەڵگا لە ئاستی ئەنفالدا بخەمە ژێر پرسیارەوەو لەهەمان کاتیشدا بڵێم ئەنفال لەو زمانە کە ئێمە قسەی پێدەکەین زۆر کاریگەرتر و ترسناکترە، بۆ ئەمەش زۆرترین کات، پشتم بە یادەوەرییەکانی رۆژانی ئەنفالکراوی خۆم و دەوروبەرەکەم بەستووە.

پرسیار: لە نمایشکردنەکە، پاش تاوانی ئەنفال یەکێك دەڵێ: پەڕە دڕاوەکانی قورئانەکانت کۆکردەوە؟ ئایە دەتەوێ بڵێ خەڵکی کوردستان ئیسلامە و پاکانە بۆ قورئان دەکەیت؟

وەڵام: نەخێر وەڵام و تێگەیشتنی من بۆ ئەم پرسیارەت، بەشێوەیەکی ترە و دەمەوێ بڵێم: بەعس وەك ئیدۆلۆژیایەکی فکری سیاسی شۆفێنزمی عەرەبی سوودمەند بووە لە کلتوور و مێژووی ئیسلام و بەردەوام هەوڵی داوە ئیسلام بکاتە پاشخانی رەوایەتیدان بە پەلاماری ئەنفال.

پرسیار: ئاخر پاکانەکە دەکاتە لووتە کاتێ ئەکتەرەکان بە کۆ پەنا بۆ خوا دەبەن و دەڵێن: (خودایا چەند بێکەس بووین).

وەڵام: ئیشکردن لەسەر مەفهومی خودا لە دنیابینی مندا، ئیشکردن نییە لە سەر ئەو خوایەی کە موسڵمانان دەیپەرستن و لە سرووتی جۆراوجۆردا لێی دەپاڕێنەوە، بەڵکو خودا لەم دەقەدا جێگایەکی بەرفراوانی داگیرکردووە لە کۆنەستی زاکیرەی ئەنفالکراوی کۆمەڵگایەك کە بەبێ هیچ تاوانێك ئەنفالدەکرێ و کەسیش بەهانایەوە نایەت، تەنانەت ئەو خوایەی کە خەڵکی بڕوایان پێ هەیە و دەیپەرەستن، بەڵام دەرهێنەری شانۆیەکە ئەم پاڕانەوەی چۆن بەکارهێناوەو ئیشی لەسەر کردووە، ئەوەیان بەخۆی دەتوانێ وەڵام بداتەوە.

پرسیار: وەك کەسایەتییەکی گەرمیانی و خاوەن دەیان کەسوکاری ئەنفالکراو و هاوڕێیەکی کۆمونیست، ئایا بە ڕای ئێوە خەڵکی کوردستان لە کارەساتی ئەنفال تێگەیشتووەن و پڕ بە پێستیب کارەساتەکە کاریان بۆ کردووە؟ ئایا ئەم شانۆگەرییە شێوە هەوڵێك نییە بۆ پرۆتیستۆ لەبەردەم خەمساری گشتی؟

وەڵام: نەخێر. من بڕوام وایە کە یەکێك لە گرفتە بنەڕەتییەکانی کۆی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە تێنەگەیشتنە لە قەبارەو پاشخانی ئەو تراژیدیانەی کە بەسەری هاتوون، بەتایبەت ئەنفال کە یەکێکە

لەتاوانـە هـەرە گـەورەكان كـە لەسـەر ئاسـتی جیهـان لـە دژی گـەلێك ئـەنجام دراوە و لەئاسـتی كارەسـاتی هۆلۆكۆسـت، نیكـازاكی و هیرۆشـیمایە. ئـەمن هەوڵـەی منـیش نـاتوانێ پڕاوپـڕ گوزارشـت بـدا لەتـەواوی تراژیدیاكە بدات، بەڵام كاتێك كە من ئـازاری ژنێكـی ئـەنفالكراو دەگێڕمـەوە، ئـوەش رووندەكەمـەوە كـە ژنێـك لـە یـەكێك لـە زیندانـەكانی چوارچێوەی ئـەو تراژیدیایـە منـداڵێكی دەبـێ و هـەمان رۆژ لەگـەل منداڵەكەی زیندەبەچاڵ دەكرێ، ئەمە بۆخۆی شایەنی لەوە گەورەترەو توانای منـیش دەرەقـەتی نایـەت، بەپێچەوانەشەوە بێدەنگی لەم ئاستەدا ئەوپەڕی نابەرپرسیاریتییەو كاركردنیشم لـەم بـوارە بـۆ ئەوەیـە هـەمان ئـەو نابەرپرسـیارییەتییە بخەمـە ژێـر پرسـیارەوەو قـسەی لەسـەر بكـەم. بـەڵێ بەشـێوەیەك لـە شێوەكان ئەم ئێشە ئەگەر توانیبێتی پرۆتیـستۆی ئـەو بێـدەنگی و خوێنـساردی و نابەرپرسـیارێتییە كـە لەناو كایەی ئیشكردنی ئێمەدا لەسەر ئەنفال، شوێن و جێگای كەمی داگیرنەكردووە.

پرسیار: هۆی ئەو خەمساردییە لەچیدا دەبینی؟

وەڵام: پرسیارێكی جوانە. كۆمەڵگایەك بەهەموو چین و توێژەكانییەوە ئەگەر سروشت و پێكهاتەی خۆی نەناسێ و زانیاری پێویستی لەو بارەوە نەبێ، ناتوانێ دەوروبەریشی بناسـێ و بتـوانێ ئایندەیـەكی رۆشـن بۆ خۆی دیـاری بكـا. ئەمـە گـرفتی سـەرەكی ئێمەیـە. بـۆ نموونـە: بـەعس دێـت و تـۆ ئـەنفال دەكـا و لـە پرۆسـەی ئەنفالكردنیـشدا لەیـەك كاتـدا دەیـەوێ شوناسـی تـۆ تێـك بـشكێنێ لەسـەر جوگرافیـای بـوون بتسڕێتەوە. باشە ئەی ناسینی تۆ و خوێندنەوەتان بۆ بەعس وەك پێكهاتەیەكی فیكری و سیاسـی چییـە و لە كام ئاستدایە؟ ئایا تـۆ توانیوتـە بـەعس بـە هـەموو كایـە جۆراوجۆرەكـانی بناسـی و وەڵامگـۆی ئـەو مەترسیانە بیت كە لە نەخشە و پرۆژەی بەعسدا لەسەر چارەنووسی تۆ مەترسی پێكـدەهێنن؟ دەمـەوێ روونتر قسە بكەم، ئەگەر ئێمە كۆمەڵگای عەرەبی بەشێوەیەكی بابـەتی نەناسـین و خوێندنـەوەمان بـۆی نـەبێ، نـاتوانین بەعـسیش بناسـین. تەنانـەت بـە نەناسـینی كۆمـەڵگای عـەرەبی و بـەعس وەك لوتكـەی شـوفەنیزمی عـەرەبی بـۆ خـۆی نەناسـینی ئـەو كلتوورەشـە كـە كۆمـەڵگای عـەرەبی و بەعـسی لەسـەر دامەزراوە و بە تایبەتی كلتووری ئاینییەكەی، واتـە ئـاینی ئیـسلام. ئەگـەر ئەمـە خەمـساردی نـەبێ، چـی مانایەكیتر دەگەیەنێ و دەتوانرێ بـە چ پاسـاوێكی لـۆژیكی و بابـەتی وەڵام بدرێتـەوە. وەك دەیبیـنین تـا ئێـستا خەمـساریمان لـەم بـوارەدا ئاكامەكـەی نەناسـینی ئـەنفال و كایـە جۆراوجۆرەكـانی و كاریگەرییـە ترسناك و درێژەخایەنییەكانێتی.

پرسیار: ئەدی رۆشنبیری عەرەبی بەگشتی لە هەمبەر تاوانی ئەنفال چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

وەڵام: بەشێوەیەکی گشتی نا، بەڵام ووربەی هەرە زۆری رۆشنبیرانی عەرەب بێهەڵویسترین تویژن و تەنها لەچاوی بەرژەوەندی حاکم و رێژەمەکانیانەوە تەماشای قڕکردنی گەلی کوردیان کردووە.

پرسیار با بۆ دەقەکەتان بگەڕێینەوە: لە کۆتایی شانۆکەدا تەنها دوکەڵ دەبینرێ و ئەنفالکراوەکان پەردەپۆش دەکرێن. ئەمە رەشبینی و تەسلیم بوونە بە چارەنووس و بەس؟

وەڵام: لە کۆتایی دەقەکەدا، دە کورتیلە نامەی تێدا هەیەو هەر یەکێکیان گوزارشت لە خەم و تراژیدیای ئەنفال بەشێوەیەك دەکەن و لەناویاندا، نامەی دەیەم وەڵامی ئەو چاوەڕوانییە هەمیشەییەی کەسوکاری قوربانیای ئەنفالە کاتێك کە دەڵێ: ئێمە ناگەڕێینەوەو پڕ بووین لە سووتان و نامۆبوون)، چونکە بیرمان نەچێ سەرەڕای هەموو قسەوباسەکان لەمەڕ ئەنفالکراوەکان تا ئەم ساتە کە من و تۆ گفتوگۆ دەکەین، زۆر لە پاشماوەی قوربانییەکانی ئەنفال ئەو هەواڵ و قسەوباسانە بەدرۆ دەخەنەوە یان بڕوای پێ ناکەن کە کەسوکارەکانیان لەناوبرابێتن، بەتایبەت ئەو ژن و پیرو پەکەوتانەی کە ئێستاکەش بە کورتین رستە گوزارشت لەم چاوەڕوانییەی خۆیان دەکەن و دەڵێن: (رۆژێك هەر دێ بێنەوە). بە بڕوای من تەنها ئەم رستەیە شایەنی ئەوەیە دەیان شاکاری ئەدەبی و شانۆیی و هونەری لەسەری بەرهەم بهێنرێ کە بەداخەوە ئێمە لەم ئاستەدا کۆڵین و نەمان توانیوە وەك خۆی وێنای بکەین و زمانی راستەقینەی خۆی بۆ بدۆزینەوە.

پرسیار: هەزاران کەس بۆ بینی دەقەکەتان هاتبوون و رۆژانی نمایش لە خەڵك جمەی دەهات. ئایا چاوەڕوانی ئەوەت هەبوو؟

وەڵام: من بێجگە لەوەی نووسەری دەقەکەم، هاوکات کەسێك بووم بەشێوەیەکی کارا لەگەل درهێنەر و ئەکتەرەکان لە رۆژانی مەشقکردن و نمایشکردندا لە گەلیاندا بووم. زۆر جار کەم رێکدەکەوێ نووسەری دەق بە شێوەیەکی کارا لە دەرهێنەر و ئەگتەرەکان نزیك بێت، بەڵامك بۆ من پێچەوانەکەی راست بوو. پێشوەختیش من و هەردوو دەرهێنەر و ئەکتەرەکان چاوەڕوانی جەماوەرێکی باش کردبوو، بەڵام نەك بەو شێوەوەی کە بینیمان و لەراستیشدا جەماوەر بە ئامادەبوونیان سەرسامیان کردین. بەتایبەتی بۆ شارێك وەك کەلار کە ئەزموونی شانۆگەری زۆر نوێیە بە بەراورد لەگەل شارە گەورەکان و بەراستی هەزاران کچ و کوڕی شارکە و خوێندکاران بە پەرۆشەوە وەك بینەرێکی بەسەلیقە لە رۆژانی نمایشدا ئامادە بوون و منیش سوپاسی هەستی پڕ لە بەرپرسیارییەتیان دەکەم.

پرسیارە: ئایا ئەم سەرکەوتنە تایبەتییە دەبێتە هاندەرێك بۆ نووسینی دەقی شانۆیی تر؟

وەڵام: من شانۆ نووس نیم، بەڵکو دەقی ئەدەبی دەنووسم. بێگومان هانم دەدا بۆ بەردەوام بوونم لە نووسین و بەتایبەتی لەسەر ئەنفال.....

پرسیار: ئایا ماسمیدیاکان بە گوێرەی پێویست بەشداریان کرد لە گفتوگۆ، رەخنەو نووسینی جۆراجۆر؟

وەڵام: هێشتا زووە ئەو بڕیارە بدەین، بەڵام تا ئێستا نەخێر لەو ئاستەدا نییە کە بەرێزت پرسیارت کرد، تەنها لە کاتی ریکلامکردن بۆ نمایشکردنەکە نەبێت و پاشان وەك هەواڵێکی زۆر کورت لە کەناڵەکانی نووسین و بینین و بیستن هێمای بۆ کرا.

پرسیار : هیچی ترتان هەیە بۆ گوتن؟

وەڵام: دەتوانم هەر ئەوەندە بڵێم، وەرن با پێکەوە بە کۆدەنگی ئیش لەسەر کۆستەکەما بکەین و مەترسی دووبارەبوونەوەی بڕەوێنینەوە.